# بەزۆر یا ئارەزوومەندانە

## لەپەراویزی دیداری وەزارتی هیجرەی سویدا

**ریبوار عارف**

لە کۆبوونەوەی هەفتەی ڕابردو لەگەل جێگری وەزیری هیجرەی سوید خاتوو Gun-Britt Andersson، یەکێك لەو بابەتانەی کە ڕەدی ئێمەی پێ دایەوە مەسەلەی گەرانەوەی بەزۆری پەنابەرانەی کورد بوو بۆ کوردستانی عیراق ، کە ئێمە لە نامەی بەرواری ١٥ / ٤ / ٢٠٠٢ دا ناردمانە بۆ وەزیری هیجرەی سوید. ئەم خانمە وەك هەنگیونی لە شانە هەنگدا دۆزیبێتەوە بە بڕوا بەخۆبوونێکی تەواوەوە بە ئێمەی ڕاگەیاند کە (( حکومەتی سوید بە زۆر کەس نانێریتەوە بۆ کوردستانی عیراق ، ئەم تێگەشتنە هەڵەیە )) .

هەر لەم پەیوەندەدا ڕوون کردنەوەیەکی زیاتری دا و ئاماژەی بەوە کرد کە ئێمە سەرباری دانی ماڤ پەنابەری بە کەسانێك کە مەسەلەی ئەمنییەتی جدیان هەبێ یان کێشەی سیاسی یان هەبێ هەروەها کەیسەکانی ژنان بە دیقەتەوە مامەڵە لەگەدا دەکەین وئیتر ئەوە دەخەینە دەست پەنابەران خۆیان ئیمە ڕێگەیان پێ دەدەین کە تا چوار سال لەسویدا بمینەوە پاشان دواتر سەیرێکی وەزعەکە دەکەین و بەپێی بارودۆخی ئەوکاتە بڕیاریکی گونجاو دەدەین .

بەر لەهەر شتیك ئەوە بلێن کە ئیمەش بەقەناعەتیکی تەواوەوە ئەو پەرەگرافەمان بەیان کردوەو پێمان وایە ئەمە ڕۆحی بڕیارو هەڵوێستی حکومەتی سوید لەپەیوەند بە گەڕانەوەی پەنابەران ، وە ئەوەشمان پێ ڕاگەیاندن کە ئیمە بەر پرسین لەبەرامبەر بە ئیسپاتی ئەو ڕاستییەدا و ئەگەر نارەزایەتییەکتان هەیە دەکریت بە رەسمی ڕەدمان بدەنەوە .

بەلام بابزانین چ ئامانج یان نیگەرانییەك لەپشت پەردەی بە زۆر ناردنەوەی پەنابەراندا هەیە .

خەڵکی سوید بە تایبەت لە پاش شەڕی جیهانی دووەمەوە بۆیان گرنگ بووە کە زۆریك لە ماف و ئازادی یە فەردی ومەدەنییەکان بەرسمییەت بناسن ولەم بارەشەوە حکومەتی سوید لەچەند دەهەی ڕابردوادا ناچار بەوە بووە کە چەندین بڕیارنامەی نێونەتەوەی لە بەرژەوەندی بەرگری کردن لە ماف و ئازادییەکان وحورمەتی ئینساندا مۆر بکات .

کە دیارە بڕیارنامەی جنیفی ١٩٥١ وجارنامەی ماڤ مرۆڤ تەنها دوو بڕیارنامەی بەرچاوی بەرگری کردنە لەپەنابەران ، کەحکومەتی سوید پەسەندی کردووە . کە لە هەر دوو ئەو بڕیارنامە و جارنامەدا بەڕاشکاوی پێ لەسەر قەدەغە کردنی گەرانەوەی بە زۆری پەنابەران داگیراوە.

دیارە حکومەتی سوید بۆ گرنگە کە لە ڕوویەکی ترەوە پێ نەکەوێتە بەردەم لێپرسینەوەو بەرۆك پێگرتن بەهۆی پێشێل کردنی ئەو بڕیارنامانەوەو هەر لەم سونگەشەوە دەیەویت مەسەلەی گەرانەوەی پەنابەران بە شیوەیەکی یاسای ڕەسمییەت پێ بدات .

© Kurdistan Net

ئەمە جگە لەوەی کە دیویکی تری ئەم هەلویستە بۆ فریودانی پەنابەران و لەچاوەڕوانی هیشتنەوەیاندایە تابەم شێوە جموجۆل و چالاکی یەکانی ناو پەنابەران دژ بەم سیاسەتە لەبار بەیت و خەلکی ناچار بکاتە بەوەی کە بە هیوای ئایندەیەکی نادیاروە دل بەوە خۆش بکەن کە حکومەت بە زور نایانیریتەوە . بەلام ڕوویەکی تری ئەم هەڵوێستە نا ئینسانی یە لەوەدایە کە ئەگەر ڕێژیەکی زۆر کەم لە پەنابەرانیش لە ماف پەنابەری بەهرەمەند بکات، کە بەپێ زانیاری هەندی لەلایەن و ریکخراوی ئینسانی ئەو ڕێژیە لەباشترین حالەتدا١٠٪ ی هەموو ریژەی پەنابەرانی کوردو عیراقی یە. خۆ ئەگەر حکومەتی سوید ریکەوتنامەکەی نیوان خویان حکومەتی تورکیاش لەغو بکاتەوە کە بۆ ناردنەوەی پەنابەران پەسەند کراوە هەر وەك خۆیان دانیان بەم ڕێکەتنامەیەدا نا ، وە هەتا چوار سالی تریش پەنابەران دیپورت نەکەنەوە ، ئەو کاتە قسە لەسەر چونی یەتی دابین کردنی ژیانی ئەو چەند هەزار ئینسانەیە لەکومەلگای سویدا. کە دیارە بریاری حکومەتی سوید بەسوود وەرگرتن لە ئەزموونی وولاتانی تری ئەورووپایە بە تایبەت هۆلند ، دەیانەوە ئیتر هەرچی بیمەیەکی بیکاری و بیمەی دەرمان وخزمەتگوزاری یە کومەلایەتی یەکانی ترە ببیرن ، هەروەك ئاشکرایە کە پەنابەران ماف کارکردن و خوێندنیشیان نی‌یە، ئایا ئەمە بەکردەوە زەوت کردنی ماف ژیان نی یە ؟

ئایا هیشتنەوەی چوار سالە پەنابەر لەو وولاتەدا لەوەها بارودوخیکدایکی نائینسانیدا، ئیتر هیچ ریگەیەك دەهیلیتەوە بۆ ادعاکانی حکومەتی سوید لەپەیوەند بەباش کردنی سیاسەتی ( ئەنتیگراسیون ) و کەمکردنەوەی کێشەی پەنابەران ؟

چی کردن ؟

کوردستان ئاسایش نی یە و بەزۆر یا بە ئارەزو نامانەوێت دیپورتمان بکەنەوە !

مامانی لەدایك بوونی ئەم بریارەی حکومەتی سوید لەسەر بنچینەی بوونی ئاسایش لە کوردستان و نەگەرانەوەی پەنابەران بە زور بنیاد نراوە .

بۆیە تەنها وەلامیکیش بۆ ڕەد کردنەوەی ئەم تیزە دروستکراوەی حکومەتی سوید ، ئەنتی تیزەکەیەتی کە دەبیت شعاری <u>کوردستان بەهیچ جۆرێك ناوچەیەکی ئاسایش نی‌یە</u> بکەینە پەرچەمی هاتنە مەیدان و لە دەوری یەك کۆبوونەوەمان ، کە دیارە بۆ بەرگری لە ناردنەوەمان و بەهرمەند بوونبیشمان لە ماف پەنابەری دەبیت وەلامی بەرکردەوەی ئەو راگەیاندنەی حکومەتی سوید بدەینەوە کە دەڵێت بە زۆر کەس نانێرینەوە ، کەلەم بارەشەوە فیدراسیون فورمیکی ئیمزا کۆکردنەوەی پەنابەرانی هەیە دژ بە گەرانەوەمان بۆ کوردستان کە پیویست دەکات هەزاران پەنابەر ئەو فورمە ئیمزا بکات ، تا نەك هەر پاشە کیشە بەم پیلانە نائینسانی‌یە مسۆگەر بکەین، بەلکو لە ڕێگەی کۆموسیونی ماف مروڤی ئەورووپای یەکگرتووە بیان خەینە بەردەم لێپرسینەوە فشارێکی زۆر بەرجەستەوە .

© Kurdistan Net

لەیادمان بێت بەسەر ئەنجام گەیاندنی کارمان و پاشەکیشە پێ کردنی حکومەتی سوید لەگرەوی بە دەست هینانی ئەو هیزە کومەلایەتی یەدا کە تا ئیستا دەیان جار بۆ دیفاع لە ماف و ئازادی یەکانمان هاتوونەتە مەیدان و نارەزایەتی خۆیان دەربریووە، کەئەویش دەورو دەخالەتی پیشرەوانەو کاریگەری حیزب و ریکخراوە چەپ وکریکاری و ئینسان دوستەکانی سویدە .

کە ئەزموونی نزیك بە دەهەیەکی هەلسورانی فیدارسیون ، شاهیدی دەوری پیشروانەی ئەم بەرە ئینسانی یە ، دەبا بە پەیوەست بوونی ئیوەش بە فیدراسیونەوە سەنگەری دیفاع لە ماف و ئازادی یەکانمان بەهیزتر بکەین و حیزب و لایەنەکانی سویدیش دلگەرمتر بکەین بە چونە پشت سەری ریکخراوەیەك کە هەزاران ئەندامی وەك ئێوەی هەبیت و دەنگ هەلبرین و راشکاوانە بلین بە زور و بە ئارەزوو خوازیاری گەرانەوە نین بۆ کوردستانی نائەمن !

© Kurdistan Net